بـــە داوای لێبووردن لە خوێنەرانی خۆشەویســـت، کـــە مەلەفـــی شـــانۆی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانمان کـــردەوە بۆ ئەم ژمارەیە. واتە ژمارە چوار. لەبەر بەگرینـــگ زانینی ئـــەم مـــژارەش پێوەندیمان بە چەنـــد نووســـەر و لێکۆڵەرێکەوە کـــرد، وەک؛ م. هەڵەبجەیی، ف. ئەکرەمیی و.... کە خۆشحاڵیی و ئامادەیی خۆیان دەربڕی و بە گرینگ نوارییانە ئەم دەستپێشـــخەرییەی گۆڤاری کەلێن. بەڵام لە دواییدا، بەهەر هـــۆکار و بیانوو هێنانەوەیەکی با بڵێین (نووســـەر و لێکۆڵەرەکانمـــان) بێت، ئەوە دەبێت ئێمە داوای پۆزشـــهێنانەوە لە خوێنەرانی خۆشەویســـت بکەیـــن، کە هیچ کاتێـــک ئامادەیی ئەوەمـــان تێدا نییە، لەگەڵ بـــاو خۆتەبا بکەین و ببینە بەشێک لەو بەڵێن و دووڕووییەی، ڕۆشنبیری کوردیی تێیدا دەخولێتەوە.

ئـەم شـانۆنامەیە بۆ یەکمجـار لە سـاڵی ١٩٨٣ لە شـانۆی (هارۆڵد کلورمان) لە نیویۆرک نمایشکراوە. بڵاوکراوەی (فەیبەر ئاند فەیبەر) یەکەمجار بە زمانی ئینگلیزیی لە ساڵی ١٩٨٤ـدا بڵاوی کردووەتەوە.

کەسایەتییەکان:

بەم

بێم

بیم

بۆم

دەنگی بەم (س)

# چی،
# لە کوێ؟

ساموێل بێکێت

لە ئینگلیزییەوە: ڕاڤین کامەران




تێبینی: ئەکتەرەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەیەک دەچن.
هەموویان جبەیەکی هاوشێوەی خۆڵەمێشییان لەبەردایە.
هەموویان قژێکی هاوشێوەی یەک، سپی و درێژیان هەیە.
س هاوشێوەی بڵندگۆیەکی بچووک لەئاستی قەدی مرۆڤدایە.

شوێنی نمایش، لاکێشەیەکی ٣ بە ٢ مەترە، ڕووناکییەکی کز، لە بینینی بینەرانەوە لە لای ڕاستی شانۆ. س لە پێشەوەی ستەیجی چەپ ڕووناکییەکی کزی لەسەرە. شانۆ تاریکە و ڕووناکی لەسەر س ـە.

(وچانێک)
س: ئێمە دوا پێنج کەسین.
لێرەین، وەک پێشتر کە لێرە بووین.
بەهارە.
کات تێدەپەڕێت.
سەرەتا بێهیچ وشەیەک.
ڕووناکی پێدەکەم.
[ڕووناکی لەسەر مـە. بەم لە شوێنی ژمارە ٣یە، سەری بەرزکردووەتەوە.
بۆم لە شوێنی ژمارە ١ـە، سەری داخستووە. وچانێک]
باش نییە.
دەیکوژێنمەوە.

[ڕووناکی لەسەر م دەکوژێتەوە]
دووبارە دەستپێدەکەمەوە.
ئێمە دوا پێنج کەسین.
بەهارە.
کات تێدەپەڕێت.
سەرەتا بێهیچ وشەیەک.
ڕووناکی پێدەکەم.
[ڕووناکی لەسەر مە. بەم بەتەنیا لەسەر شوێنی ژمارە ٣یە، سەری بەرزکردووەتەوە. وچانێک]
باشە.
تەنیام.
بەهارە.
کات تێدەپەڕێت.
سەرەتا بێهیچ وشەیەک.
لە کۆتاییدا بۆم پەیدادەبێت.
دووبارە پەیدادەبێتەوە.
[بۆم دێتە ژوورەوە بۆ ش، لەسەر شوێنی ژمارە ١ دەوەستێت. سەری داخستووە.
وچانێک.
بیم دێتە ژوورەوە بۆ خ، لەسەر ژمارە ٢ دەوەستێت. سەری بەرزکردووەتەوە.
وچانێک.
بیم لە خ دەڕواتە دەرەوە و بۆمیش بە دوایدا.
وچانێک.
بیم دێتە ژوورەوە بۆ خ، لەسەر ژمارە ٢ دەوەستێت. سەری داخستووە.
وچانێک.
بێم دێتە ژوورەوە بۆ ش، لەسەر ژمارە ٢ دەوەستێت. سەری بەرزکردووەتەوە.
وچانێک.
بێم لە ش دەڕواتە دەرەوە، بیمیش بەدوایدا]
وچانێک.
بێم دێتە ژوورەوە بۆ ش، لەسەر ژمار ١ دەوەستێت. سەری داخستووە.

وچانێک.
بەم لە ب دەڕواتە دەرەوە، بێمـیش بەدوایدا.
وچانێک.
بەم دێتە ژوورەوە بۆ ب، لەسەر ژمارە ٣ دەوەستێت. سەری داخستووە.
وچانێک.]
باشە.
دەیکوژێنمەوە.
[ڕووناکی م دەکوژێتەوە]
دووبارە دەستپێدەکەمەوە.
ئێمە دوا پێنج کەسین.
بەهارە.
کات تێدەپەڕێت.
ڕووناکی پێدەکەم.
[ڕووناکی لەسەر مـە.
بەم تەنیایە، لەسەر ژمارە ٣ ڕاوەستاوە. سەری بەرزکردووەتەوە.
وچانێک.]
باشە.
تەنیام.
بەهارە.
کات تێدەپەڕێت.
ئێستا لەگەڵ وشەیەک.
لەکۆتاییدا بۆم پەیدا دەبێت.
دووبارە پەیدادەبێتەوە.]
[بۆم دێتە ژوورەوە بۆ ش، لەسەر ژمارە ١ دەوەستێت. سەری داخستووە.]
بەم: ئەێ؟
[تەواوی ئەو ماوەیە سەری داخستووە.] هیچ. بۆم:
بەم: هیچی نەگوت؟
بۆم: نا.
بەم: ئەرکەکانت پێسپارد؟
بۆم: بەڵێ.
بەم: ئینجا هەر قسەی نەکرد؟

بۆم: نا.
بەم: گریا؟
بۆم: بەڵێ.
بەم: هاواری کرد؟
بۆم: بەڵێ.
بەم: پاڕایەوە بۆ لێخۆشبوون؟
بۆم: بەڵێ.
بەم: بەڵام هیچی نەگوت؟
بۆم: نا.
س: باشە نییە.
دووبارە دەست پێدەکەمەوە.
بەم: ئێ؟
بۆم: هیچ.
بەم: نەیگوت؟
س: باشە.
بۆم: نا.
بەم: ئەرکەکانت پێسپارد؟
بۆم: بەڵێ.
بەم: هەر نەیگوت؟
بۆم: نا.
بەم: گریا؟
بۆم: بەڵێ.
بەم: هاواری کرد؟
بۆم: بەڵێ.
بەم: پاڕایەوە بۆ لێخۆشبوون؟
بۆم: بەڵێ.
بەم: بەڵام هێشتایش نەیگوت؟
بۆم: نا.
بەم: ئەی بۆ وازت لێهێنا؟
بۆم: بوورایەوە.
بەم: بەهۆشت هێنایەوە؟

بۆم: هەوڵم دا.
بەم: ئێ؟
بۆم: نەکرا.
[وچانێک]
بـەم: درۆیە. [وچانێک.] پێی گوتی. [وچانێک.] ددانی پێدانێ، کە پێی گوتی. [وچانێک.] ئەرکت بەسەردا دەسەپێندرێ تا ددانی پێدانێی.
س: باشە.
لە کۆتاییدا بیم پەیدابوو.
[بیـم دێتـە ژوورەوە بـۆ خ، لەسـەر ژمـارە ٢ دەوەسـتێت. سـەری بەرزکردووەتەوە.]
بەم: [ڕوو لە بیم] کارت نییە؟
بیم: بەڵێ.
بەم: بیبە و کاری بەسەردا بسەپێنە تا ددانی پێدا دەنێ.
بیم: دەبێت ددان بە چیدا بنێ؟
بەم: کە پێی گوتراوە.
بیم: هەر ئەوەندە؟
بەم: بەڵێ.
س: باش نییە.
دووبارە دەستپێدەکەمەوە.
بەم: بیبە و کاری بەسەردا بسەپێنە تا ددانی پێدا دەنێ.
بیم: دەبێت ددان بە چیدا بنێ؟
بەم: کە پێی گوتراوە.
بیم: هەر ئەوەندە؟
بەم: بەڵێ.
بیم: دواتر دەست هەڵبگرم؟
بەم: بەڵێ.
بیم: باشە. [ڕوو لە بۆم.] وەرە.
بەم: [بیم لە خ دەڕواتە دەرەوە. بۆمیش بەدوایدا.
س: باشە.
تەنیام.
هاوینە.

کات تێدەپەڕێت.
لە کۆتاییدا بیم پەیدادەبێت.
دووبارە پەیدادەبێتەوە.
[بیم دێتە ژوورەوە بۆ خ، لەسەر ژمارە ٢ دەوەستێت. سەری داخستووە.]
بەم: ئێ؟
بیم: [تەواوی ئەوماوەیە سەری داخستووە.] هیچ.
بەم: نەیگوت؟
بیم: نا.
بەم: ئەرکت بەسەردا سەپاند؟
بیم: بەڵێ.
بەم: ئینجا هەر قسەی نەکرد؟
بیم: نا.
س: خراپە.
دووبارە دەستپێدەکەمەوە.
بەم: باشە؟
بیم: هیچ.
بەم: نەیگوت لە کوێ؟
س: باشە.
بیم: لە کوێ؟
س: ئاهـ!
بەم: کوێ؟
بیم: نا.
بەم: ئەرکت بەسەردا سەپاند؟
بیم: بەڵێ.
بەم: دیسان هەر قسەی نەکرد؟
بیم: نا.
بەم: گریا؟
بیم: بەڵێ.
بەم: هاواری کرد؟
بیم: بەڵێ.
بەم: داوای لێخۆشبوونی کرد؟

بیم: بەڵێ.
بەم: بەڵام هەر نەیگوت لە کوێ؟
بیم: نا.
بەم: ئەی بۆ وازت لێهێنا؟
بیم: بووراپەوە.
بەم: بە هۆشت هێنایەوە؟
بیم: هەوڵمدا.
بەم: ئێ؟
بیم: نەکرا.
[وچانێک.]
بەم: درۆیە. [وچانێک.] پێی گوتی. [وچانێک.] ددانی پێدانێ، کە پێی گوتی. [وچانێک.] ئەرکت بەسەردا دەسەپێندرێ تا ددانی پێدانێی.
س: باشە.
لە کۆتاییدا بیم پەیدابوو.
[بێم دێتە ژوورەوە بۆ ش، لەسەر ژمارە ١ دەوەستێت. سەری بەرزکردووەتەوە.]
بەم: [ڕوو لە بیم] کارت نییە؟
بێم: بەڵێ.
بەم: بیبە و کاری بەسەردا بسەپێنە تا ددانی پێدا دەنێ.
بێم: دەبێت ددان بە چیدا بنێ؟
بەم: کە پێی گوتراوە.
بێم: هەر ئەوەندە؟
بەم: بەڵێ.
س: باش نییە.
دووبارە دەستپێدەکەمەوە.
بەم: بیبە و کاری بەسەردا بسەپێنە تا ددانی پێدا دەنێ.
بێم: دەبێت ددان بە چیدا بنێ؟
بەم: کە پێی گوتراوە.
بێم: هەر ئەوەندە؟
بەم: و لە کوێش.
س: باشە.

بێم: هەر ئەوەندە؟
بەم: بەڵێ.
بێم: دواتر دەست هەڵبگرم؟
بەم: بەڵێ.
بەم: باشە. [ڕوو لە بیم.] وەرە.
[بێم لە ش دەڕواتە دەرەوە، بیمیش بەدوایدا.]
س: باشە.
تەنیام.
پاییزە.
کات تێدەپەڕێت.
لە کۆتاییدا بێم پەیدا بوو.
دووبارە پەیدابوویەوە.
[ بێم دێتە ژوورەوە بۆ ش، لەسەر ژمارە ١ دەوەستێت. سەری داخستووە.]
بەم: ئێ؟
بێم: [تەواوی ئەو ماوەیە سەری داخستووە.] هیچ.
بەم: نەیگوت لە کوێ؟
بێم: نا.
س:هەر ئاوا.
بەم: درۆیە. [وچانێک.] پێی گوتی. [وچانێک.] ددانی پێدانێ، کە پێی گوتی. [وچانێک.] ئەرکت بەسەردا دەسەپێندرێ تا ددانی پێدانێی.
بێم: دەبێت ددان بەچیدا بنێم؟
بەم: بەوەی پێی گوتی.
بێم: هەر ئەوەندە؟
بەم: بەڵێ.
بێم: دواتر دەست هەڵبگرم؟
بەم: بەڵێ. وەرە.
[بەم لە ب دەچێتە دەرەوە و بێمیش بەدوایدا.]
س: باشە.
زستانە.
کات تێدەپەڕێت.
لە کۆتاییدا من پەیدا دەبم.

دووباره پەیدادەبمەوە.
[بەم دێتە ژوورەوە بۆ ب، لەسەر ژمارە ٣ دەوەستێت. سەری داخستووە.]
س: باشە.
تەنیام.
لێرەین، وەک پێشتر کە لێرە بووین.
زستانە.
بێسەفەر.
کات تێدەپەڕێت.
هەر ئەوەندەیە.
تێبگەن ئەوەی کە تێدەگات.
ڕووناکی دەکوژێنمەوە.
[ڕووناکی لەسەر م دەکوژێتەوە.
وچانێک.
ڕووناکی لەسەر س دەکوژێتەوە.]

سەرچاوە:
The complete drama of Samuel Becket.